Kurdistannet کوردستان نێت

Revolutionareis Union of Kurdistan

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

## لە مهاباد، ستادی تەبلیغاتی ڕەفسەنجانی بەر هەڵمەتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد کەوت و شایی و گۆڤەند بۆ سەرۆکایەتی بارزانی گیرا

بە پێی هەواڵێکی تایبەت بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کاتژمێر(7) پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێ شەممە، ژمارەیەک مۆتۆڕسەوار کە ماشێنێکی ئیستەیشێن ڕێبەری دەکردن و پێکهاتبوون لە پۆلێک لە ڕۆڵە ئازادیخوازکانی شاری مهاباد، هەڵمەتیان بردە سەر ستادی تەبلیغاتی ڕەفسەنجانی جینایەتکار کە لە شوێنی "کەوشی بێڕلین" لە شەقامی شاپوور دانرابوو. لەو هەڵمەتەدا شووشە و پەنجەرەکانی ئەو ناوەندەیان تێکشکاندو و بەمجۆرە ستادی تەبلیغاتی ڕەفسەنجانی لە مهاباد تێکەوەپێچرا. هەر لەو کاتەشدا هەرچی پۆستێڕ و عەکسی کاندیداکانی سەرکۆماری ڕێژیم بوو لە دەر و دیوار پاک کرانەوە و ئاگریان تێبەردان.

لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی مهاباد هەر لەو سەعاتەدا بە بۆنەی هەڵبژێرانی سەرۆک مسعود بارزانی بە سەرۆکی کوردستان، لە مەیدانی حەیوانانی ئەو شارە لە حاڵێکدا ئاگرێکی گەورەیان کردبووەوە تا درەنگانی شەو لە گۆڤەند و هەڵپەڕکێدا بوون و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبیان دەخوێند.

هێزی ئینتیزامی ڕێژیم لە مهاباد بە مەبەستی بڵاوە پێکردن بە خەڵکەکە چەندین جار پەلاماریان بردە شوێنی ئاهەنگەکە کە بە بەرد و لەتکەخشتی ڕۆڵەکانی شاری پێشەواوە بەرپەرچ درانەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
2705/3/25
2005/6/15


www.ruk2691.com

ruk2691@yahoo.com

ruk.europa@betuwe.net

ruk_usa@yahoo.com

mobil: 009647504480467

TEL: 0031263252693

fax: 0031263252157

Hewler: 2226682